# هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی 31ی ئازاری تورکیا و چەند سەرنجێك

**موەفەق عادل عومەر**، دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی-زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی**

هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی 31ی ئازاری تورکیا ڕووداوێکی مێژوویی و گرنگە لە ژیانی سیاسیی تورکیا، چونکە دوای نزیکەی بیست و یەك ساڵ حزبی داد و گەشەپێدانی تورکیا (ئاك پارتی) بەرامبەر حزبی کۆماری گەل (جەهەپە) دۆڕا و، بوو بە حزبی دووەم لەسەر ئاستی تورکیا. بۆیە ئەم ڕووداوە گرنگە دەبێتە ژێرخانێکی بەرچاو و گرنگ بۆ گۆڕانکاری لە هاوکێشەی سیاسیی تورکیا بۆ قۆناغەکانی داهاتوو. هەوڵ دەدەین لە بابەتی ئەم جارەمان بە شێوەیەکی گشتی بە دوای وەڵامی پرسیارەکانی "**ئایا ئاك پارتی بۆ تووشی ئەم شکستە بوو؟**" و "**دوای ئەم هەڵبژاردنە چی لە تورکیا دەگۆڕدرێت؟**"دا بگەڕێن.

**ئاك پارتی بۆ تووشی ئەم شکستە بوو؟**

ماوەی بیست و یەك ساڵە سەرۆککۆماری تورکیا و سەرۆکی ئاك پارتی "ڕەجەب تەییب ئەردۆغان" بەوە ناسراوە کە پیاوی هەڵبژاردنەکانە و بە درێژاییی ئەم ماوەیە، کەسێك نەبووە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە بەرەنگار و ڕووبەڕووی ببێتەوە سەرەڕای بوونی بەرزی و نشێوی لەو ئەنجامانەی کە لە هەڵبژرادنەکانی ڕابردوودا بەدەستی هێناوە. بەڵام هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی 31ی ئازار پەیامێکی جیاوازی لەخۆ گرتبوو بۆ ئاك پارتی بەگشتی و بۆ "ئەردۆغان" بە شێوەیەکی تایبەت؛ چونکە بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکان "جەهەپە" توانیی ڕێژەی (37.7%) و ئاك پارتی ڕێژەی (35.4%)ی دەنگەکان بەدەست بهێنن. بۆیە دەکرێ بەگشتی هۆکارەکانی شکستی ئاك پارتی بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە بگەڕێنینەوە:

**یەکەم:** تورکیا ڕووبەڕووی بارودۆخێکی ئابووریی سەخت بووەتەوە. بەرزبوونی بەهای شتومەکەکان و دابەزینی نرخی دراوی تورکی بۆ نزمترین ئاستی لە ماوەی بیست و یەك ساڵی ڕابردوو، بار و ئەرکی خەڵکی زۆر قورس کردۆتەوە، ئەمەیش بێزاریی خەڵکی لێ کەوتۆتەوە و بەرپرسیارێتیی دروستبوونی کێشە ئابووری و داراییەکانیش بە پلەی یەك خراوەتە سەر "ئەردۆغان"؛ چونکە بەتایبەت سیاسەتی داراییی "ئەردۆغان" بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کێشە داراییەکان و دیاریکردنی ڕێژەی سوو، بارودۆخی ئابووری و داراییی تورکیای خراپتر کردووە. بۆیە لەبەر ئەم هۆکارە دەنگدەر ویستی سزای ئاك پارتی و "ئەردۆغان" بداتەوە بەهۆی سیاسەتە هەڵە ئابووری و داراییە یەك لە دوا یەکەکانی و گوێنەدانی "ئەردۆغان" بە تێبینی و داواکارییەکانی کەسانی پسپۆڕ لە بواری دارایی و ئابووریدا.

**دووەم:** خانەنشینەکان لە هەڵبژاردنی 31ی ئازار ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو، چونکە بەپێی ئامارە فەرمییەکان ژمارەی خانەنشینانی تورکیا نزیکەی 15 ملیۆنە. پێش ئەم هەڵبژاردنە کێشمەکێشێکی زۆر ڕووی دا

دەربارەی دیاریکردنی مووچەی خانەنشینەکان لە نێوان نوێنەرانی خانەنشینان و لایەنی حکوومی و بەتایبەت "ئەردۆغان" و لە کۆتاییدا لایەنەکان نەگەیشتنە ڕێککەوتن و مووچەی مانگانەی خانەنشینان بە دە هەزار لیرەی تورکی دیاری کرا. ئەم بڕە پارەیە لە هەلومەرجەکانی ژیانی ئاسایی ئێستای تورکیا زۆر کەمە و، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی خانەنشینان ڕووبەڕووی بارودۆخێکی دژوار ببنەوە. ئەم پێشهاتانە لە ڕۆژی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی 31ی ئازار زۆر بەڕوونی بەدەرکەوت و دەتوانین بڵێین خانەنشینان تۆڵەی خۆیان لە ئاك پارتی و ئەردۆغان لە سندووقەکانی دەنگدان کردەوە بەهۆی ئەو بارودۆخە نالەبار و سەختەی کە تیایدا ژیان دەگوزەرێنن.

**سێیەم:** لەم هەڵبژاردنەدا خاڵێك زۆر سەرنجی خەڵکی ڕاکێشا کە ئەویش بریتی بوو لەوەی ئەردۆغان سەرجەم وەزیرەکانی حکوومەتەکەی نادرە گۆڕەپانەکان بۆ پاڵپشتیکردنی کاندیدانی ئاك پارتی لە شارە جیاجیاکانی تورکیا و بەتایبەت ئیستەنبوڵ. ئەمە نیگەرانی و بێزاریی خەڵکی لێ دروست بوو و لەلایەن کاندیدانی جەهەپە، بەتایبەت کاندیدی جەهەپە بۆ سەرۆکایەتیی شارەوانیی ئیستەنبوڵ "ئەکرەم ئیمام ئۆغلو" ئەم خاڵە زۆر بەباشی و بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە بەکار هێنرا و ئیمام ئۆغلو چەندان جار ڕای گەیاند کە ئەو پێشبرکێ لەگەڵ کاندیدێکی ئاك پارتی ناکات بەڵکوو پێشبرکێکەی لەگەڵ هەڤدە وەزیر و کاندیدەکە دەکات جگە لە خودی ئەردۆغان، کە کۆی گشتیی ژمارەیان دەگاتە (18) کەس. هەر لەم چوارچێوەیەدا بۆ ناوزەدکردنی پاڵپشتیکردنی وەزیرەکانی حکوومەت بۆ کاندیدەکەی ئاك پارتی لە ئیستەنبوڵ (ئیمام ئۆغلو) هاوکێشەی (17+1)ی داهێنا و بەچڕی لەسەر ئەم بابەتە وەستا. ئەم خاڵە بۆچوونێکی لەنێو خەڵکدا دروست کرد کە حزبی دەسەڵاتدار سەرجەم توانا مرۆییەکانی کابینەکەی خستۆتە گەڕ بۆ خزمەتکردنی ئاك پارتی و، ئەمەیش نیگەرانی و بیزاریی لەنێو دەنگدەران دروست کرد و بووە هۆی ئەوەی ئاراستەی دەنگەکانیان ڕوو بکاتە جەهەپە.

**چوارەم:** دیاریکردنی کاندیدەکانی ئاك پارتی لەسەر بنەمایەکی هەڵە بوو و تەنانەت لە کاتی دیاریکردنی ناوەکان، گەندەڵییەکی زۆری تێدا کراوە، بەوەی کە زۆربەی ناوەکان لەسەر بنەمای دۆستایەتی و خزمایەتی لە جیاتی توانا و پاڵپشتیی جەماوەریی کەسە کاندیدەکە لەلایەن بەرپرسە باڵاکانی ئاك پارتییەوە دیاری کراون. بۆیە یەکێك لە هەڵە ستراتیژییەکانی ئەم جارەی ئاك پارتی، لە قۆناغی دیاریکردنی ناوی بەربژێرەکان بوو. ئەمەیش یەکێك بوو لە هۆکارەکانی شکستەکەی ئەم جارەی ئاك پارتی.

**پێنجەم:** بەگشتی بەرپرسانی ئاك پارتی و ئەردۆغان تووشی غرووری سیاسی بوون و جۆرە بێمنەتییەکیان لە لا دروست بوو و بڕوایان بەوە بوو کەوا سەرکەوتنیان مسۆگەرە. ئەم غرووره سیاسییە وای لەم بەرپرسانە کرد نەتوانن پەیوەندییەکی دروست لەگەڵ دەنگدەران دابنێن. بێ گومان ئەنجامی هەر غرووری سیاسییش شکستە و ئاك پارتییش بەدەر نەبوو لەم گشتاندنە و، دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە یەکێك لە هۆکارەکانی شکستی ئاك پارتی بۆ ئەو غروورە سیاسییە دەگەڕێتەوە کە لە لای بەرپرسانی ئەم حزبە دروست بووە. ئەم حاڵەتە زۆر بە لێدوانەکانی سەرۆکوەزیرانی پێشووتری تورکیا "عەدنان مەندەریس" دەچێت، کاتێك ئەویش تووشی غرووری سیاسی بوو وئەم وتە بەناوبانگەی هەیە کە تیایدا دەڵێ "من ئەگەر داری سووتاندن کاندید بکەم، ئەوە وای لێ دەکەم وەکوو ئەندام پەرلەمان هەڵبژێردرێت - Ben Odunu Aday Göstersem Milletvekili Seçtiririm" بەڵام دواتر بینیمان چۆن کودەتای بەسەردا کرا و لەسێدارە درا. بەڵام جیاوازیی ئێستای ئاك پارتی و ئەردۆغان و سەردەمی مەندەریس ئەوەیە، کار دەکرێت بە شێوەیەکی ئاشتییانە و لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە کۆتایی بە هەژموونی ئاك پارتی و ئەردۆغان بهێندرێت.

**شەشەم:** نەمانی متمانەی خەڵك بە بەڵێنەکانی ئاك پارتی و "ئەردۆغان"؛ ئەمەیش خاڵێکی زۆر مەترسیدارە کە لەوانەیە ڕووبەڕووی هەر حزب و سەرکردەیەکی سیاسی ببێتەوە. ئەمەیش پەیامێکی ڕوون و ڕاستەوخۆ بوو کە لەم هەڵبژاردنە درایە ئاك پارتی و ئەردۆغان و، دووبارە بنیاتنانەوەی ئەم متمانەیە زۆر سەختە و ڕاستکردنەوەی بە شتێکی مەحاڵ دەچێت.

**دوای ئەم هەڵبژاردنە چی لە تورکیا دەگۆڕدرێ؟**

هەڵبژاردنەکان بە شێوەیەکی گشتی کاریگەرییان دەبێت لەسەر هاوکێشە سیاسییەکانی وڵاتان، جا ئەم هەڵبژاردنە لەسەر ئاستی شارەوانییەکان بێت یاخود هەڵبژاردنی پەرلەمان؛ بەتایبەت ئەگەر ئەنجامەکان بە شێوەیەك بێت تیایدا هاوکیشە سیاسییەکان بگۆڕێت. هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی 31ی ئازاری تورکیا بەهۆی ئەوەی هاوکێشە سیاسییەکانی لەسەر ئاستی شارەوانییەکاندا گۆڕی، بێ گومان ئەنجامەکانی کاریگەریی لەسەر ژیانی سیاسی لە تورکیا دەبێت و، دەکرێ ئەم گۆڕانکاری و کاریگەرییانە لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

**یەکەم:** پێش هەموو شتێك دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین کەوا ئەردۆغان تا 14ی مایسی 2028 بەردەوام دەبێت لەسەر ئەرکەکەی خۆی، بە مەرجێك ئەگەر بڕیار لە هەڵبژاردنی پێشوەختە نەدرێت. بۆیە چاوەڕوان دەکرێت ئەردۆغان بە شێوەیەکی گشتی بە سیاسەتە ناوخۆییەکانی خۆیدا بچێتەوە، چونکە بەم شێوازەی ئێستا بەردەوام بێت، ئەوە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار و پەرلەمانی تورکیا کە بڕیارە لە ساڵی 2028 ئەنجام بدرێت حزبەکەی ناتوانێ سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و تووشی شکستی گەورەتر دەبێتەوە. بۆیە لایەنی ئابووری و دارایی، لەپێشینەی کارەکانی ئەردۆغان دەبێت بۆ ئەوەی دەنگدەر ڕازی بکات و دووبارە متمانەیان بەدەست بهێنێتەوە. ئەمە جگە لەوەی، کەوا پێشبینی دەکرێت پێداچوونەوەیەکی جددی بە بابەتی مووچەی خانەنشینان بکات، چونکە ئەم چینە لە بارودۆخێکی سەختدان و کێشە و لە ڕووی بژێوی ژیانیانەوە گرفتێکی زۆریان هەیە.

**دووەم:** ئەردۆغان، بەتایبەت لەسەر دوو بابەت بەردەوام جەختی کردۆتەوە، ئەوانیش بریتین لە: ئامادەکردنی دەستوورێکی مەدەنیی نوێ (Yeni Sivil Anayasa) لە جیاتی دەستووری ئێستای بەرکار کە لە ساڵی 1982 قبووڵ کراوە و کەوتۆتە بواری جێبەجێکردن، بە بیانووی ئەوەی دەستووری ئێستای تورکیا کاتی خۆی لەلایەن کودەتاچییەکانەوە دانراوە؛ بۆیە بەپێویستی دەزانێت کە بگۆڕدرێت و دەستوورێك لەلایەن کەسانی سڤیلەوە دابنرێت. بابەتەکەی تر بریتییە لە هەوڵەکانی ئاك پارتی و ئەردۆغان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی کەناڵ ئیستەنبوڵ، بەڵام بەهۆی مشتومڕەکان ئەم پرۆژەیە نەتوانراوە جێبەجێ بکرێت. لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین ئەم هەڵبژاردنە کاریگەرییەکی ڕاستەخۆی دەبێت لەسەر ئەم دوو بابەتە هەستیار و گرنگە کە ئەردۆغان ماوەیەکی باشە ئامادەکاری دەکات بۆ جێبەجێکردنیان. بۆیە چاوەڕوان دەکرێت بە شێوەیەکی کاتییش بێت ئەردۆغان ناچار بکرێ لانی کەم لەم قۆناغەدا پاشگەز بێتەوە لە وروژاندنیان.

**سێیەم:** لەسەر ئاستی دەرەکی پێشبینی دەکرێت سیاسەتی ئەردۆغان هەندێك گۆڕانکاری بەخۆیەوە ببینێت و، چاوەڕوان دەکرێت زیاتر بەڕووی وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەت وڵاتانی کەنداوی وەکوو عەرەبستانی سعوودی و ئیمارات بکرێتەوە؛ هەروەها میسریش یەکێکی دیکەیە لەو وڵاتانەی کە ئەردۆغان بەجددی

دەیەوێت پەیوەندییەکانی تورکیای لەگەڵدا ئاسایی بکاتەوە. هەر لەم چوارچێوەیەدا چاوەڕێ دەکرێت لە مانگی نیسانی 2024 سەرۆککۆماری میسر "عەبدولفەتاح سیسی" سەردانی ئەنقەرە بکات. پێشبینییش دەکرێت ئەم سەردانە لە ڕووی پەیوەندییەکانی ئەنقەرە-قاهیرە خاڵێکی وەرچەرخان بێت، چونکە نزیکەی 12 ساڵە پەیوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە لە ئاستێکی زۆر خراپدا بووە.

لە لایەکی دیکەوە هەر لە مانگی نیسانی ئەمساڵ بڕیارە ئەردۆغان سەردانی عێراق بکات. ئەم سەردانەی ئەردۆغان لە ڕووی ئابووری، وزە، دارایی و بازرگانی و ئەمنییەوە گرنگییەکی ئێکجار زۆر لەخۆ دەگرێت. لە لایەکی دیکە هەر لەم مانگەدا بەپێی ڕاگەیەندراوە فەرمییەکان سەرۆکی ڕووسیا "ڤلادیمیر پووتین"یش سەردانی ئەنقەرە دەکات. ئەم سەردانە لە چەندان ڕووەوە گرنگە بۆ تورکیا، بەتایبەت ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە مۆسکۆ کارەکتەرێکی گرنگە لە هاوکێشە سیاسی و ئەمنییەکانی ناوچەکە؛ جگە لەمە پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە خاڵێکی زۆر گرنگە، بەتایبەت لەم قۆناغەدا ئەردۆغان زۆر پێویستی پێیەتی بۆ ئەوەی گوشارە ئابوورییە ناوخۆییەکانی لەسەر کەمتر بێت. هەر لە سەروبەندی جووڵە دیپلۆماسییەکانی ئەردۆغان و هەوڵەکانی چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی کە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکەدا هەیەتی، پێشبینی دەکرێت سەرۆکوەزیرانی یۆنان "کیریاکۆس میتسۆتاکیس" لەم مانگەدا بە سەردانێکی فەرمی بگاتە ئەنقەرە. جگە لەمە سەرۆککۆماری ئەڵمانیا "فرانك ڤالتەر شتاینمایەر" سەردانی ئەنقەرە دەکات. ئەم سەردانە لە ڕووی ئەوەوە گرنگە کە بۆ ماوەی دە ساڵە سەرۆککۆماری ئەڵمانیا سەردانی تورکیای نەکردووە.

بێ گومان سەرجەم ئەم جووڵە دیپلۆماسیانە پێشتر ئامادەکارییان بۆ کراوە، بەڵام دوای هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی 31ی ئازار، گرنگییەکی تایبەت لەخۆ دەگرێت، چونکە ئەم هەوڵانە بە ئاراستەی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەیە کە تورکیا لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا هەیەتی. جگە لەمە ئەم جووڵانە لە ڕووی ئابووری و بازرگانییش تایبەتمەندییەکی بەرچاوی هەیە، چونکە یەکێك لەو گرفتانەی کە بۆتە هۆی شکستی ئاك پارتی و تەنانەت خودی ئەردۆغان، لایەنە ئابوورییەکەیە. کەواتە پێشبینی دەکرێت دوای هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی 31ی ئازار، تورکیا بەرەو ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی و هەرێمی و نێودەوڵەتی هەنگاوی جددی بنێت و لە لایەکی دیکە، باشتر کار بکات بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانی لەگەڵ ئەم وڵاتانە.

**چوارەم:** خۆری ئەفسانەی "ئەردۆغان پیاوی هەڵبژاردنەکانە" لە تورکیا خەریکە ئاوا بێت، بۆیە پێشبینی دەکرێت ئاك پارتی و ئەردۆغان بەرەو فراوانترکردن یاخود پێکهێنانی هاوپەیمانێتیی نوێ هەنگاو بنێن، چونکە خەریکە هاوپەیمانیی کۆمار شکست دەهێنێت و ناتوانێ بەرەنگاری ڕکابەرەکانی ببێتەوە. بۆیە لە قۆناغی داهاتوودا چاوەڕوان دەکرێت ئەردۆغان، یان کار لەسەر ئەوە بکات هاوپەیمانیی کۆمار فراوانتر بکات یاخود هاوپەیمانێتییەکی دیکە پێك بهێنێت بە شێوەیەك لایەنی دیکەیش بەشداریی پێ بکات.

**پێنجەم:** سۆرپرایزی ئەم هەڵبژاردنە حزبی ڕەفاهی نوێ (Yeniden Refah Partisi) بوو، کە توانیی ببێتە حزبی سێیەم لە ڕووی ئەو دەنگانەی کە لەسەر ئاستی تورکیا بەدەستی هێناوە، ئەویش بە بەدەستهێنانی (2.851.784) دەنگ کە دەکاتە ڕێژەی (6.19%)ی کۆی دەنگەکان. ئەم حزبە نوێیە مەترسییەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر ئاك پارتی، چونکە ئەو دەنگانەی دەچێتە ئەم حزبە، زۆرینەی دەنگەکانی ئاك پارتییە. بۆیە پێشبینی دەکرێت حزبی ڕەفاهی نوێ لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو ڕێژەی دەنگەکانی بەرزتر بکات و

ببێتە شوێنگرەوەی ئاك پارتی. لەبەر ئەم هۆكارە چاوەڕوان دەكرێت ئەردۆغان هەوڵی جددی بدات بۆ ئەوەی حزبی ڕەفاهی نوێ بۆ خۆی ڕابكێشێت. با ئەوەیشمان لەیاد نەچێت، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی توركیا لە 14ی مایسی ساڵی 2023، ئەردۆغان توانیی "فاتیح ئەربەكان" كە سەرۆكی حزبی ڕەفاهی نوێیە و كوڕی سیاسەتمەداری كۆچكردووی بە ناوبانگی توركیا "نەجمەددین ئەربەكان"ە، ڕازی بكات بیكاتە هاوپەیمانی خۆی. بۆیە چاوەڕوان دەكرێت دیسان ئەردۆغان هەوڵ بدات ئەم سیناریۆیە دووبارە بكاتەوە؛ بەڵام ئایا ئەم جارە "فاتیح ئەربەكان" دەكەوێتە داوی ئەردۆغان؟ ئەمەیش لە قۆناغەكانی داهاتوودا زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە.

**__شەشەم:__** نەبوونی بەدیلی ئاك پارتی و ئەردۆغان لە ساڵی (2002)وە خاڵێكی گرنگ بوو كە لە ڕووی دەروونییەوە ڕاستەوخۆ كاریگەریی لەسەر دەنگدەر هەبوو. بەڵام ئێستا حزبی كۆماری گەل (جەهەپە) توانیی كۆتایی بەم بۆچوونە و نەریتە بهێنێت لە لایەك، لە لایەكی دیكە دوو ناوی تاقیكراوی گرنگ هەیە كە وەكوو بەدیلی ئەردۆغان تەماشایان دەكرێ كە ئەوانیش هەر یەك لە "ئەكرەم ئیمام ئۆغلو" سەرۆكی شارەوانیی ئیستەنبوڵ و "مەنسوور یەڤاش" سەرۆكی شارەوانیی ئەنقەرەیە. ئەم دوو سەركردەیە توانییان خۆیان وەكوو دوو بەدیلی كارا و چالاكی ئەردۆغان پێشكەش بكەن و دەتوانین بڵێین لەم هەوڵەیشیان تا ڕادەیەكی باش سەركەوتوو بوون، بەتایبەت ئەكرەم ئیمام ئۆغلو تا ئێستا توانیویەتی لە هەڵبژاردنی سەرۆكایەتیی شارەوانیی ئیستەنبۆڵدا سێ جار شكست بە كاندیدەكانی حزبەكەی ئەردۆغان بهێنێت. لەبەر ئەم هۆكارەیشە چاوەڕوان دەكرێت ئەردۆغان و حزبەكەی بە گشت تواناكانیانەوە لە قۆناغی داهاتوودا كار بۆ لاوازكردنی یەڤاش و ئیمام ئۆغلو بكەن كە ئەمەیش دەبێتە دەستپێكی قۆناغێكی نوێی پڕ لە كێشە و گرفت.

**__حەوتەم:__** ئەردۆغان و ئاك پارتی لە قۆناغەكانی ڕابردوودا هەوڵیان داوە لە ڕێگەی "قەیوم"ەوە دەست بەسەر ئەو شارەوانییانەدا بگرن كە لەلایەن كاندیدانی حزبە كوردییەكانەوە بەڕێوە دەبردران. ئەمەیش بۆ ماوەیەكی باش بۆیان چووە سەر، بەڵام لە دوای هەڵبژاردنی 31ی ئازار لە ڕێگەی وەزارەتی دادی توركیاوە هەوڵ درا بە بیانووی نەشیاوی كاندیدەكەی دەم پارتی "عەبدوڵڵا زەیدان" بۆ خۆپاڵاوتن لە شاری وان كە (55.48%)ی كۆی گشتیی دەنگەكانی بەدەست هێنا، سەرۆكایەتیی شارەوانیی شاری وان بدرێتە كاندیدەكەی ئاك پارتی، بەڵام بەهۆی ناڕەزایەتییەكی بەرفراوان لەسەر ئاستی توركیا، دەزگەی باڵای هەڵبژاردن لە توركیا بڕیاری گەڕاندنەوەی كاندیدەكەی دەم پارتیی دایەوە. ئەمە ئەوەمان نیشان دەدات كەوا لە قۆناغەكانی داهاتوودا پاش ئارامبوونی بارودۆخەكان، دوور نییە ئاك پارتی بە هەمان شێواز و بە بیانووی جیاواز، دیسان گوشار بخاتە سەر سەرۆكشارەوانییەكان كە سەر بە دەم پارتین. سەرەڕای سەختیی ئەم هەنگاوە بەڵام لە نێوان بژاردەكاندایە و ئەمەیش لەوانەیە دسپێكی قۆناغێكی پڕ لە كێشە و ململانێ بێت.

لە لایەكی دیكەوە دوور نییە ئەردۆغان ئەم جارەیش سیناریۆی ساڵی (2015) دووبارە بكاتەوە؛ كاتێك ئاك پارتی نەیتوانی ئەو زۆرینەیە مسۆگەر بكات كە بتوانێ بەتەنیا حكوومەت پێك بهێنێت، یەكسەر پاش هەڵبژاردنەكان هەڵمەتێكی فراوانی سەربازیی لە ناوچە كوردییەكانی توركیا دەست پێ كرد. واتە چاوەڕوان دەكرێت لە قۆناغەكانی داهاتوودا و بەتایبەت لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا، ڕووبەڕووبوونەوەی چەكدارانی پەكەكە لەسەر خاكی توركیا و تەنانەت لە دەرەوەی سنوورەكانیشی، درێژەی پێ بدرێت و لەوانەیشە بگەیەنرێتە ئاستێكی مەترسیدارتر.

**کۆبەند**

هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی 31ی ئازاری 2024 ئەوەمان پێی نیشان دەدات، هەرچەندە حزبێکی سیاسی لەسەر ئاستی وڵاتێکدا بەهێز بێت، ئەگەر تووشی غرووری سیاسی بێت و کەسانی نەشیاو و بێتوانا بخاتە ڕیزەکانی و، بەربژێرەکانی هەڵبژاردنەکانیش ئەگەر لەسەر بنەمایەکی ناتەندروست دیاری بکرێن، ئەوە بەبێ یەك و دوو حزبە سیاسییەکە تووشی شکست دەکات. بۆیە زەرورە ئەم نموونەیە سوودی لێ ببینرێت بۆ ئەوەی ئەم ئەزموونە شکستخواردوە دووبارە نەکرێتەوە؛ چونکە ئاك پارتی سەردەمانێك وەکوو مۆدێلێك تەماشای دەکرا بەڵام بەهۆی ئەم دوو هۆکارە و هەوڵەکانی ئەردۆغان بۆ قۆرغکردنی دەسەڵاتەکانی لەسەر ئاستی حزبی و حکوومی، ئاك پارتیی بەم ڕۆژە گەیاند.

هەروەها دامەزراندنی ئاك پارتی لەسەر بنەمای ڕووبەڕووبوونەوە و نەهێشتنی سێ (Y)یەکان بوو کە بریتین لە "Yoksulluk-هەژاری" و "Yasaklar-قەدەغەکان" و "Yolsuzluk-گەندەلی"، بەڵام ئێستا تورکیا بەهۆی ئاك پارتییەوە بەدەست ئەم سێ (Y)یە دەناڵێنێت؛ واتا بنەماکانی دامەزراندنی ئاك پارتی لەناو بردراون. لە لایەکی دیکە ڕۆژهەڤێکی گەرموگوڕ چاوەڕوانی تورکیا دەکات، چونکە دوای شکستەکەی ئاك پارتی لەم هەڵبژاردنەدا، ئەردۆغان ناچارە دەست بە هەندێك گۆڕانکاریی ستراتیژی بکات لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەکی. ئەمەیش بەش بە حاڵی خۆی کاریگەریی بەرچاوی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی دەبێت.